# تارا جاف سەردانی کوردستان دەکات



بڕیار وایە خانمە هونەرمەندی ناوداری کورد تارا جاف لە ڕۆژی ٢٠٠٧/٨/١٦ بگاتە هەولێری پایتەختی کوردستان.

لەم بارەیەوە تارا جاف لە پەیوەندییەکی لەگەڵ گۆڤاری گوڵان گوتی: سەردانی ئەو جارەم بۆ کوردستان تایبەت و لە هەمان کاتدا سەردانێکی کتوپڕ و لە ناکاوە، من بە داوەتنامەیەکی دەرهێنەری سینەمایی کورد جانۆ ڕۆژبەیانی لە ڕۆژی ١٦ی ئەم مانگە دەگەڕێمەوە کوردستان بۆ بەشداری کردن لە خولی دووەمی فیستیڤاڵی کورتە فیلمی عێراقی فیدراڵ کە لە هەولێری پایتەختی کوردستان ئەنجام دەدرێت و لە ئاهەنگی کردنەوەی فیستیڤاڵەکە بەشدار دەبم بە کۆنسێرتێکی بچووک و، ئەم سەردانەم تەنیا چەند ڕۆژێك دەخایەنێت و دوای کۆتایی هاتنی فیستیڤاڵەکە سەردانی هەردوو شاری سلێمانی و هەڵەبجەی شەهید دەکەم و، لەبەر ئەوەی ماوەی سەردانەکەم زۆر کورتە ڕەنگە نەتوانم ئاهەنگێکی گەورە یان کۆنسێرتێك لە کوردستان ساز بکەم.

هونەرمەند تارا جاف لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: دەمەوێ دوای مانگی ١٠ جارێکی دیکە بگەڕێمەوە کوردستان و ماوەیەکی زۆرتریش لەنێو جەماوەرە خۆشەویستەکەمدابمێنمەوە، بەڵکو بتوانم کۆنسێرتێك یان ئاهەنگێك پێشکەش بە جەماوەرەکەم بکەم، هەروەها دوای ئەوەی سەردانی کوردستان دەکەم سەردانی تورکیاش دەکەم بۆ ئەنجامدانی چەند کار و چالاکییەکی هونەری لەوانە بەشداری کردن لە فیستیڤاڵی دەرسیم و فیستیڤاڵی گەنجانی ئەزمیر.

# پەڕینەوە لە غوبار لە هیندستانیش درەوشایەوە



دوای بەشداریکردنی فیلمی سینەمایی کوردی (پەڕینەوە لە غوبار ) لە چەندین فیستیڤاڵی جیهانی لەوانەش فیستیڤاڵی قاهیرە و ئیسپانیا و چیك و مالیزیا و هتد و بەدەستهێنانی ژمارەیەك خەڵات لە بوارە جیاجیاکانی سینەما، بەم دواییەش لە خولی نۆیەمینی فیستیڤاڵی دلهی سینەمایی لە هیندستان بەشداربوو و لە ڕۆژی کۆتایی فیستیڤاڵ خەڵاتێکی تایبەتی بەدەستهێنا ئەویش خەڵاتی لیژنەی دادوەرانی فیستیڤاڵەکە بوو.




لە فیستیڤاڵی دلهی سینەمایی نزیکەی ١٥٠ فیلم لە زۆربەی وڵاتانی جیهان بەشداربوون و، فیلمی پەڕینەوە لە غوبار لەگەڵ ٩ فیلمی دیکە لە بەشی پێشبڕکێی فیستیڤاڵەکە بەشداربوون.

فیستیڤاڵی دلهی سینەمایی کە ساڵانە لە وەرزی هاوین بەڕێوەدەچێت یەکێکە لە گرنگترین و بەناوبانگترین فیستیڤاڵی سینەمایی لە وڵاتی هیندستان، هەروەها لەسەر ئاستی کیشوەری ئاسیاش گرنگییەکی تایبەتی خۆی هەیە، چونکە سینەماکارانی زۆربەی وڵاتانی جیهان بەشداری تێدا دەکەن و ئەم ساڵیش لە ئاستێکی زۆر بەرزدا بەڕێوەچوو.

# خولێکی ڕاهێنانی شانۆیی لە هەولێر دەکرێتەوە

کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کورد مەڵبەندی گشتی خولێکی تایبەتی بە ڕاهێنانی شانۆیی بەسەرپرشتی مامۆستا تەڵعەت سامان لە هۆڵی گەل لە شاری هەولێر ساز کرد کە ماوەی ٢٠ ڕۆژ دەخایەنێت، وانەکانی خولەکە دەربارەی چۆنیەتی ڕاهێنانی هونەرمەندانی شانۆکارە بەشێوەیەکی گشتی بەتایبەتی لە لایەنی چۆنیەتی دەربڕین تەعبیر کردن لەسەر تەختەی شانۆ و جولەکان و خۆگونجاندن و شێوازی نواندنی جەستەیی و بانتۆمایم لەگەڵ سیناریۆ و دەقەکە و شێوەکانی دیکەی نواندن بە شێوەی پراکتیکی و تیوری.

لەم خولەدا مامۆستا فەیسەڵ بەغدادی کە شانۆکارێکی بەناوبانگی عێراقییە وانەکان پێشکەش دەکات و ڕۆژانە بەردەوامە و ژمارەیەك لە شانۆکاران بەشداریی تێدا دەکەن، بڕیاریش وایە لە کۆتایی خولەکەدا بڕوانامە بەسەر بەشداربووان دا دابەش بکرێت.